# ڤالانتاین

**شیعری: کارول ئان دافی**
**چنوور نامیق لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە**
**تێکستەکەی شیکردووەتەوە**

نەگوڵێکی سوور نە دڵێک لە سەتەن.
پیازێکت پێ دەدەم.
مانگێکە و بە کاغەزێکی قاوەیی پێچراوە.
بەڵێنی ڕۆشنایی دەدا
چوون ڕووتکردنەوەی لەسەرخۆیانەی ئەوین.
ها ئەوەتا
وەک عاشقێک.
بەفرمێسک نابینات دەکات
ڕەنگدانەوەت دەکاتە
وێنەیەکی لەرزۆکی غەمگین.
وا هەوڵ دەدەم ڕاستگۆبم .
نەکارتێکی جوان نە ماچێک.
پیازێکت پێ دەدەم.
ماچە توند و هەستیارەکەی بە لێوانتەوە دەمێنێتەوە،
خاوەندار و وەفادار
وەک ئێمە،
تا ئەو کاتەی، کە هەین،
گەر حەز دەکەی.
وەریبگرە.
ئەڵقە پلاتینییەکانی دەبنە ئەڵقەی هاوسەرگیری،
بکوژە.
بۆنەکەی بە پەنجەکانتەوە دەمێنێت،
بەچەقۆکەتەوە دەنووسێت.

خانمە شاعیر و شانۆنووس و ئەکادیمیستی سکۆتلەندی کارۆل ئان دافی، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی گلاسکۆیە، یەکێکە لە دیارترین شاعیرە هاوچەرخەکانی بەریتانیا و یەکەم ژنە شاعیرە، کە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٩) بە شاعیری دەرباری خێزانی شاهانەی بەریتانیا دەستنیشان کراوە، چەندان خەڵاتی ئەدەبیی بردووەتەوە، لەوانەش خەڵاتی (تی ئێس ئیلیەت، خەڵاتی دیلان تۆماس، خەڵاتی پێن پینتەر).

دافی بڕوانامەی دوکتۆرای شانازی لە زانکۆکانی (دۆندی، هال، سانت ئەندرۆس و وارویک) پێ بەخشراوە و چەندان کۆمەڵە شیعری چاپ کردووە، دیارترینیان کتێبی شیعری (mean time)ە کە دەقی ڤالانتاینی تێدا بڵاوبووەتەوە.

لە نێو دەقەکانی دافیدا بوێری و باکگراوندی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی ڕەنگیان داوەتەوە، بە هەناسەیەکی فیمێنیستانە دەنووسێت و شیعرەکانی بابەتەیلی جۆراوجۆری هەستیاری وەک (خۆشەویستی، لەدەستدان، ناسنامە، ئاوارەیی، ڕەگەز و ستەمکاری) لەخۆدەگرن.

## شیكردنەوەی دەقی شیعری ڤالانتاین

دەقـی شـیعری (ڤالانتایـن)ی كارۆل ئـان دافـی، دەقێكـی ڕیالیزمـی مۆدێرنـە، بـە هەناسـەیەكی ژنانـە نووسـراوە و ڕووبـەڕووی ئـەو نەریتـە باوانـە دەبێتـەوە، كـە پێوەندییـان بـە ئەویـن و هەسـتی سـۆزدارییەوە هەیـە، ئـەم خەسـڵەتەش ڕوانگەیەكـی جیـاواز بـۆ خۆشەویسـتی و ناسـنامە دەردەخـات.

ناوازەیـی ئـەم دەقـە لەوەدایـە، شـیعرێكی خۆشەویسـتی بەهێـز و نابـاوە، بـەوەی گوزارشـتە كلێشـەیی و بـاوەكان بـۆ دەربڕینـی خۆشەویسـتی لەنێـوان ئەویـنداران ڕەت دەكاتـەوە، تـا دەگاتـە ئـەو دیارییانـەی، كـە لـە ڕۆژی ڤالانتایـندا خۆشەویسـتەكان بەیەكتـری دەبەخشـن. لەبـری هێمـا باوەكانـی وەك گـوڵ و شـوكولاتە، دافـی، مێتافـۆری درێژكراوەی پیـازی وەك سـیمبۆلی خۆشەویستی بۆ دیاری بەكارهێنـاوە، كـە هـەردوو هەسـتی خۆشەویسـتی و ئـازار بەرجەسـتە دەكات.

هەروەهـا دافـی لایەنـە ڕووكـەش و دەسـتكردەكانی عەشـق ڕەت دەكاتـەوە و لەبـری ئـەوە دەڕوانێتـە هەسـتە ناخەكـی و جەوهەرییـەكان. لێـرەدا چینەكانـی پیـاز هێمایـە بـۆ ئاڵۆزییەكانـی خۆشەویسـتی، هەروەهـا هـۆكاری سـەرەكیی خۆشـی و ئـازارە.

سرووشـی ئـەم دەقـەی دافـی، لـەم دوو دێـڕەی لای خـوارەوەی شكسـپیرەوە هاتـووە:

**چاوەكانم بۆنی پیاز دەكەن**

**بەم زووانە دەگریم**

ئەمـەش پاشـخانی ڕۆشـنبیری و دنیابینـی و شـارەزایی و ئاسـتی خوێنـدەواری و فراوانـی هـزری دافیمـان بـۆ دەردەخـات، سـەرچاوەی ئـەم زانیارییەش چاوپێكەوتنێكـی خـودی شـاعیرە كـە لـە كەناڵـی یوتوبـدا باسـی دەكات.

ئاشـكرایە ناوونیشـانی دەقـی شـیعریی ڤالانتایـن و ناوەڕۆكەكـەی تـەواو پێچەوانـەی یەكتـرن، بـۆ نموونـە كاتێـك وەرگـر، یـان خوێنـەر ناوونیشـانەكە دەبینێـت، یـان دەبیسـێت چاوەڕوانـی دەقێـك دەكات تاموبـۆی گوڵ و شـۆكۆلاتە بدات و دەربڕینی ڕۆمانسـی و شـیرین ببیسـتێت، كەچـی تـەواو پێچەوانـە و نابـاو دەبینێـت، ئـەوەش هـەر لـە یەكەمیـن دێـڕی دەقەكـەوە دیـارە، خوێنـەر تووشـی سەرسـوڕمان و پەرۆشـبوون دەكات بـۆ خوێندنـەوەی تێكسـتەكە.

**نە گوڵێكی سوور نە دڵێك لە سەتەن.**

تەنانـەت لـە كۆتاییشـدا بەكارهێنانـی وشـەی (چەقـۆ) ئاماژەیـە بـۆ ئاسـەواری ئازاراویـی درێژخایەنـی ئەویـن، هـەر بۆیـە ناوونیشـان و نـاوەڕۆك زۆر لێكـەوە دوور و پێچەوانـەن.

لـە ڕووی زمانەوانییـەوە شـاعیر توانیویەتـی بـە زمانێكـی سادە و ڕەوان و لـە دواندنێكی ڕاستەوخۆیانە، وەك كارەكتـەری یەكەمـی نـاو شـیعرەكە بـە بـێ پـەردە بەرانبەرەكـەی بدوێنێـت، كـە ئەویـش عاشـقە، كاتێـك دەڵێـت:

**پیازێكت پێ دەدەم.**

**مانگێكە و بە كاغەزێكی قاوەیی پێچراوە.**

لـەو دوو دێـرەی سـەرەوەدا، شـاعیر خـوازەی بەكارهێنـاوە كاتێـك پیـازی كـردووە بـە مانـگ، مانـگ دوورەدەسـتە و ناكرێ بـە دیـاری و ناپێچرێتـەوە، بـەڵام تیشـكەكەی لـە هەمـوو شـوێنێك لـە گەڵماندایـە. چواندنـی پیـاز بـە مانـگ و پێچانـەوەی بـە كاغەزێكـی قاوەیـی، واتـای تێكەڵاوكردنـی خۆشـی و تفتوتاڵییەكانـی ئەوینـە كـە لـە شـتە نابەردەسـتەكاندا خـۆی دەنوێنێـت.

دووبـارە بوونـەوەی دێـڕی (پیازێكـت پـێ دەدەم) ئاماژەیـە بـۆ ناباویـی دیارییەكـە و بەمەبەسـتی جەختكردنـەوە و پەسـتبوون لـە خۆشەویسـتەكەی بەرانبـەر بـەكار هاتـووە.

هەروەهـا شـاعیر لـە دێـڕی چوارەمـدا تەكنیكـی لێكچـوون بەكاردەهێنێـت، كاتێـك دەڵێـت:

**بەڵێنی ڕۆشنایی دەدا**

**چوون ڕووتكردنەوەی لەسەرخۆیانەی ئەوین.**

بێجگـە لەوانـەش تەكنیكـی بە (كەسـایەتیكردن) لـەم دەقـەدا بـەكار هێنـراوە .

**وەك عاشقێك.**

**بە فرمێسك نابینات دەكات**

كاتێـك شـاعیر خەسـڵەتی مـرۆڤ بـە پیـاز دەبەخشـێ و بـە عاشـقێكی دەشـوبهێنێ، خوێنـەر تووشـی

سەرسوڕمان و پرسیارکردن دەکات، بەبۆنەی بۆنی ناخۆشی پیاز و کاریگەریی لەسەر چاوەکانی مرۆڤ، کە دەبێتە هۆی ئاوکردنیان.

لەلایەکی دیکەوە وێنەی شیعری تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم دەقەیە، بوونی وەسفی زیندوو و هەستیار، بووەتە هۆی وروژاندنی بەهێز بۆ هەست و نەستی مرۆڤ، بۆ نموونە لەم دێڕەی لای خوارەوە:

**ماچە توند و هەستیارەکەی بە لێوانتەوە دەمێنێتەوە.**

سەبارەت بە تۆنی دەقەکە، تۆنی توندوتیژ هەست پێ دەکرێ، ئەوەش لە بەکارهێنانی فرمانی (وەریبگرە)، کە تاقە وشەیە لەیەک دێڕدا و خاڵی بەدواوەیە، واتا وەرگرتنی ئەو دیارییە لەلایەن کەسی بەرانبەرەوە هیچ مشتومڕێک هەڵناگرێ. ئەمە تووڕەیی کەسی یەکەم بەدەردەخات و فەرمان دەکات بەسەر کەسی دووەمدا.

لەلایەکی تریشەوە، هۆکاری دروستبوونی تۆنی توندوتیژ و ناباوی ئەم دیارییە، کە دەتوانێت عاشق بێنێتە گریان، ئاماژەیە بۆ کاریگەرییە نەرێنی و ئەرێنییەکانی پێوەندی خۆشەویستیی ڕاستەقینە و دوور لە بەرژەوەندی و ڕووکەشی ژیان:

**وەک عاشقێک.**

**بەفرمێسک نابینات دەکات**

**ماچە توند و هەستیارەکەی بە لێوانتەوە دەمێنێتەوە،**

**بۆنەکەی بە پەنجەکانتەوە دەمێنێت،**

**بە چەقۆکەتەوە دەنووسێت.**

لە کاتێکدا دەقەکە دان بە جوانی خۆشەویستیدا دەنێت، ئاماژە بە مەترسییەکانیشی دەکات، ئەوەش لە بەکارهێنانی وشەی «بکوژە» لە کۆتا کۆپلەی دەقەکەدا، بەو واتایەی ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خۆشەویستی نەکرێ، ئەوە دەشێت وێرانکەر بێت.

دواتر، دەقی ڤالانتاین دەقێکی ئازادە و لەڕووی پێکهاتە و خاڵبەندییەوە ناجێگیری تێدا دەبینرێ، ئەویش بۆ جەختکردنەوەیە، بۆ نموونە بەکارهێنانی دێڕی کورت و دابڕاو و تاک وشەی شێوەی (وەریبگرە، بکوژە).

هەر بەم شێوەیە، کۆما و خاڵ لەم دێڕە وەسفییەی لای خوارەوەدا، بۆ وردکردنەوەی بیرۆکە وەسفییەکەیە، یان بۆ تەواوکردنی بیرۆکە وەسفییەکەیە، کە دواتر دەبێتە هۆی تێگەیشتنی خوێنەر لە وێنە شیعرییەکەدا، وەک لەم کۆپلەیەی خوارەوەدا هاتووە:

**ماچە توند و هەستیارەکەی بە لێوانتەوە دەمێنێتەوە،**

**خاوەندار و وەفادار**

**وەک ئێمە،**

لە لایەکی دیکەوە تەکنیکی پچڕانی دێڕ و بازدان بۆ دێڕی دواتر بەبێ خاڵبەندی دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی هەردوو دێڕی شیعرەکە، وەک ئەم نموونەیەی لای خوارەوە:

**بەڵێنی ڕۆشنایی دەدا**

**چوون ڕووتکردنەوەی لەسەرخۆیانەی ئەوین.**

بە شێوەیەکی گشتی دەقی ڤالانتاین دەقێکی سەرنجڕاکێش و پرسیار وروژێنەرە، بە پێچەوانەی دەقە ڕۆمانسییە باوەکان، بە بەکارهێنانی مێتافۆری پیاز و تۆنی ڕاستەوخۆیانە و ڕاستگۆییی سۆزداری، بووە بە دەقێکی لەبیرنەکراو لە هزری خوێنەردا و وای لێ دەکات دووبارە بیر لە چەمکی خۆشەویستی بکاتەوە، نەک تەنیا وەک هەستێکی خۆش و تێپەڕیو، بگرە بە شێوەیەکی ناخەکی هەست بە مانای ئەوین بکات و چێژ لە ئازارەکانیشی وەربگرێت .

**سەرچاوە:**

https://www.poetryfoundation.org/poets/carol-ann-duffy

https://www.mmu.ac.uk/staff/profile/professor-carol-ann-duffy-dbe

https://www.youtube.com/watch?v=IFhFgyImwt